National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## هەشتەم راپۆرت: کاری دەرمانخانە و نۆرینگەکان

ئایار ٢٠١٨

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

١/٦/٢٠١٨

## پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | ڕاپۆرت |
| بەشی سێیەم | ڕاسپاردە |



### بەشی یەکەم: ناساندن

١. پێشەکی

٢.کارنامەی یەکەکە

٣.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## ١.پێشەکی

ڕادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە ڕادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە ڕادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی ڕادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (٢٤) ڕاپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی ڕاپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشک لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم ڕاپۆرتانەش جگە لە ڕایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت ڕۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

### یەکەم: ناساندن

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناو×ةی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢/٢/٢٠١٠) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢/٢/٢٠١٠) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی ٩٩.٩ FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.
(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.
(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## ٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە،پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم: راپۆرت

١. دەستپێک
٢. بنەماکانی پێدانی مۆڵەت بە دەرمانخانە و نۆرینگەی کارمەندانی تەندروستی لەگەڵ جۆری مۆڵەتەکانیان
٣. تێبینیەکان لەسەر خراپی بنەماکانی پێدانی مۆڵەت بە دەرمانخانەو نۆرینگەکانی کارمەندانی تەندروستی لەگەڵ چۆنیەتی باشکردنی شێوازەکانی مۆڵەت پێدان
٤. ژمارەی دەرمانخانە ونۆرینگەکان لە سنوری ئیدارەی گەرمیان
٥. سنوری کارەکانی دەرمانخانەکان بۆ پێدان و فرۆشتنی دەرمان
٦. کاری نۆرینگەکان بۆ پێدان و فرۆشتنی دەرمان چۆن دیاری کراوە؟
٧. سەرپێچیەکانی دەرمانخانە و نۆرینگەکان لە سنوری گەرمیان لە چ ئاستێکدایە و مەترسیەکانی بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان چیە؟
٨. سزاکانی سەرپێچیەکارەکان چیە؟ تا ئێستا دەرمانخانە و نۆرینگەکان لەسەر سەرپێچیەکان سزا دراون؟
٩. لایەنانە بەرپرسەکانی چاودێری بەسەر کارەکانی دەرمانخانە و نۆرینگەکان کێن؟
١٠. رای لایەنە چاودێرەکان بەسەر دەرمانخانە و نۆرینگەکانی کارمەندانی تەندروستی
١١. بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لە بارەی کاری نۆرینگە و دەرمانخانەکانەوە چی دەڵێت؟

## ١. دەستپێک:

نۆرینگە و دەرمانخانەکان بونەتە یەکێک لە دیارترین لایەنە گرنگەکانی ژیانی هاولاتیان بە تایبەت لە سنوری گەرمیاندا، چونکە بەشێکی زۆر لە هاولاتیان بێ ئەوەی ئاگاداری سنوری کاری دەرمانخانە ونۆرینگەکان بن سەردانیان دەکەن و چارەسەرەکانیان لەوێوە وە دەست دەخەن.

لەم راپۆرتەدا شیکارێکی تەواو بۆ پێدانی مۆڵەت بە دەرمانخانە و نۆرینگەکانی کارمەندانی تەندروستیکراوە، تێبینیەکانیش لەسەر خراپی پێدانی مۆڵەتەکان خراوەتەڕو لەلایەن کەسانی شارەزای بواری تەندروستیەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا یەکەی چاودێری کۆمەڵێک لەو سەرپێچیە مەترسیدارانەی کە بون بە کارێکی ئاسایی لە دەرمانخانە و نۆرینگەکانی گەرمیان لە لایەن خودی کارمەندانی تەندروستی و پزیشکانی دەرمانسازەوە روندەکاتەوە.

## ٢. بنەماکانی پێدانی مۆڵەت بە دەرمانخانە ونۆرینگەی کارمەندانی تەندروستی لەگەڵ جۆری مۆڵەتەکانیان

بۆ پێدانی مۆڵەت بە دەرمانخانە و نۆرینگەکان کۆمەڵێک مەرج کراون بە پێوەر کە ساڵانە گۆرانکاری تێدا دەکرێت بە پێی پێویست، وە رینمایەکانیش لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، لە ئیدارەی گەرمیانیش هاوشێوەی کوردستان پیدانی مۆڵەت بە دەرمانخانە و نۆرینگەکان لە دەسەڵاتی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیە.

لە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دو جۆر مۆڵەت دەدرێت بە کارمەندی تەندروستی و پزیشکی دەرمانساز، ئەوانیش مۆڵەتی دیواریی (جیدارییە) لەگەڵ مۆڵەت بەشێوەی دەفتەری کارکردن.

عەدنان ئەحمەد، لێپرسراوی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، ئاماژە بەوە دەکات کە مۆڵەتی جیداری نوێکردنەوەی نیە چونکە هەمیشەیە، بەڵام مۆڵەتی دەفتەری ساڵانە دەبێت نوێ بکرێتەوە "دو جۆر مۆڵەت هەیە لە سەندیکا کە دەدرێت بە کارمەندانی تەندروستی، ئەوانیش مۆڵەتی جیداریە لەگەڵ مۆڵەتی دەفتەری، ئەو کەسەی کە مۆڵەتی جیداری هەیە دەفتەریشی هەیە دەرمانخانە یان نۆرینگەکەکە بەناوی ئەو کەسەوەیە، بەڵام ئەوەی تەنها مۆڵەتی دەفتەری هەیە کار لەگەڵ ئەوە دەکات کە مۆڵەتی جیداری پێدراوە ساڵانە مۆڵەتی دەفتەریەکە نوێدەکرێتەوە، بەڵام جیداریەکە نوێکردنەوەی نیە."

بە گوێرەی رێنمایەکان کە ساڵانە نوێدەکرێتەوە مۆڵەت دەدرێت بە دەرمانخانەو نۆرینگەکان لە بەشی کارگێری سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، هەرلە هەمان بەشدا هەڵسەنگاندن بۆ مەرجەکان دەکرێت بۆ پێدانی مۆڵەت، دوای رەزامەندی بەشی کارگێری لێپرسراوی سەندیکا مۆڵەتەکە پەسەند دەکات.

ئەرکان محەمەد، بەرپرسی کارگێری لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، مەرجەکان بۆ پێدانی مۆڵەتی جیداری واتە مۆڵەتی کردنەوەی دەرمانخانە یاخود نۆرینگەی کارمەندی تەندروستی بەم شێوەیە روندەکاتەوە: "مۆڵەتی جیداری ئەم مەرجانەی هەیە:

یەکەم: دەبێت ئەو کەسەی داوای مۆڵەتی کردوە سێ ساڵ خزمەتی لە کاری حکومەت هەبێت پشگیری شوێنی کارکردنی هەبێت.

دوەم: ئەو کەسانەی کە مۆڵەتی کاری فرۆشتنی دەرمانیان پێدەدرێت دەبێت یەکێک لەم پسپۆریانەیان هەبێت واتە یەکێک لەم بروانامانەی هەبێت (پەرستاری دبلۆم، دەرمانخانە، یاریدەدەری پزیشک (کە ئێستا ئەم بەشە ناخوێندرێت لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان)، تەندروستی و کۆمەڵ، لەگەڵ پەرستاری بەکالۆریۆس، یاریدەدەری تەندروستی (کۆن هەبوە پێی دەڵێن تقنی).

سێیەم: شوێنی کارکردنی شیاوبێت بەم شێوەیە: ساردکەرەوەی (سەلاجە) هەبێت، فێنکەرەوەی هەبێت، سەقفی ناوەندی (سانەوی) بێت، روبەری شێوێنی کارەکەی (١٢) مەتر بێت، رەفەی هەبێت لەگەڵ جامخانە، زەویەکەی کاشی بێت، لەگەڵ تابلۆی ناونیشانی دەرمانخانە، هەریەک لەم مەرجانەی نەبێت مۆڵەتی پێنادرێت."

بەڵام بۆ پێدانی مۆڵەتی دەفتەری کارکردن لە دەرمانخانە و نۆرینگەکان پێویستی بەساڵی خزمەت نیە تەنها پێویستی بە بڕوانامە و پشتگیری دەرچونە.

لە دەرمانخانەکان دەبێت تەنها پزیشکی دەرمانساز وەک پسپۆر لەو بوارە کاربکات و مۆڵەتی پێبدرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بونی پسپۆریەکانی دیکە وەک کارمەند لە دەرمانخانەکانی گەرمیان دەبینرێت.

عەدنان ئەحمەد، لێپرسراوی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، هۆکارەکەی بۆ کەمی پزیشکی پسپۆری بواری دەرمان دەگەڕێنێتەوە "لەبەر ئەوەی نەقسێکی زۆرمان لە پزیشکی دەرمانساز هەیە، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران ناتوانێت بڕیارێکی بەو شێوە دەربکات کە تەنها دەرمانساز لە دەرمانخانەکان کاربکات."

دەشڵێت: "لە تەواوی بنکە تەندروستیە حکومیەکان کارمەندی تەندروستی کاری دکتۆر و دەرمانساز و تاقیگەش دەکات."

لەگەڵ ئەم رێنمایانەی سەندیکادا، بەڵام هەندێک لە کارمەندانی نۆرینگەکانی گەرمیان هەڵگری هیچ بڕوانامەیەکی زانستی نین، ئەو کارمەندانە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەزمونمان هەیە و خولمان بینیوە بۆیە ئاساییە ئەم کارە بکەن.

عیماد فوئاد، هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی، کارمەندی نۆرینگە لە قەزایی کفری، کارەکەی لە نۆرینگە بەبێ بونی هیچ بروانامەیەک بەم شێوەیە روندەکاتەوە: "من هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیم، سەرەتا لە ساڵی ١٩٩١ ەوە لە نەخۆشخانە کارمکرد دواتر نۆرینگەم کردەوە، بۆ زانیاری لەسەر کارەکەشمان ئەوکات چەندین خولمان بۆ کرایەوە."

## ٣. تێبینیەکان لەسەر خراپی لە بنەماکانی پێدانی مۆڵەت بە دەرمانخانە و نۆرینگەکانی کارمەندانی تەندروستی لەگەڵ چۆنیەتی باشکردنی شێوازەکانی مۆڵەت پێدان

ئەوەی لە خاڵی پێشو رونکرابوەوە تەواوی مەرجەکانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بو لە گەرمیان بۆ کردنەوەی دەرمانخانە یان نۆرینگەی کارمەندان، بەڵام بەشێک لە شارەزایان تێبینیان هەیە لەسەر پێدانی ئەم جۆرە مۆڵەتە بە رادەیەک کە دەڵێن لە هیچ وڵاتێکی دواکەوتوی دونیا مۆڵەتی دەرمانخانە و نۆرینگە بەم شێوەیە نیە.

کەریم مەدحەد، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە سایکۆلۆژی کە بڕوانامەی دیلۆمی لە تەندروستیش دا هەیە، رونیدەکاتەوە کە دەبێت لە دەرمانخانە تەنها پزیشکی پسپۆری دەرمان هەبێت مۆڵەتی فرۆشتنی دەرمانی پێبدرێت، چونکە دەرمان مادەیەکی ئاسایی نیە "لە دەرمانخانە تەنها پزیشکی دەرمانساز دەتوانێت سەرپەرشتی بکات ئەویش دوای پێنج ساڵ خوێندن و چەند ساڵێک خزمەت بۆ پەیداکردنی زانیاری و ئەزمون لەو بوارەدا، لەبەر ئەوەی دەرمان تەواوی پێکهاتەکەی کیمیاویە مەترسیدارە بۆ جەستەی مرۆڤ، بۆیە بەهیچ شێوەیەک نابێت کارمەندی تەندروستی دەرمان بفرۆشێت."

ئاماژە بەوەشدەکات نەک تەنها پزیشکی دەرمانساز لە دەرمانخانەکان دانەنراون بەڵکو هەڵگرانی بڕوانامەیەک دانراون کە هیچ پەیوەندیەکیان بە بواری دەرمانەوە نیەو شارەزاییان لە بەکارهێنانیدا نیە "بۆنمونە دەرمانخانە هەیە هەڵگری بڕوانامەی تیشک بەرێوەی دەبات."

دەشڵێت: "ئێرە بەرپرسەکانی خەمی ژیانی خاڵکیان نیە، ئەگینا ئەم گرفتە نوێ نیە و دەبوایە زۆر زوتر ئەمە چارەسەر بکرابایە، بەڵام ئێستاش بەڕێوەبەری تەندروستی دەتوانێت لیژنەیەکی باش دروست بکات بۆ چارەسەرکردنی."

باسلەوەشدەکات کارکردن لەسەر ئەم پرسە سەردەگرێت ئەگەر کۆمەڵێک بەرپرسی گەندەڵ نەبنە رێگر لە بەر ئەوەی قازانجیان لە رێکخستنەوەکە نەبێت.

لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک لە کارمەندانی تەندروستی پێیان باشە پێش پێدانی مۆڵەتی کار خولی تایبەت بە کارمەندانی تەندروستی بکرێتەوە، بۆ شارەزابون لە جۆرەکانی دەرمان و هەروەها بەرچاو رونی بۆ شێوازی کارەکەیان.

بەرهەم عەلی، هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لە پەرستاری، سەرپەشتیاری دەرمانخانە لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئەوانەی کە بەشی پەرستاریان خوێندوە هیچ خولێکیان بۆ نەکراوەتە بۆ ئەوەی شارەزایەکی باش لەسەر دەرمان وەربگرن لەگەڵ ئەوەشدا رێگەپێدراون کاری فرۆشتنی دەرمان بکەن."

وتیشی: "زۆر گرنگە خول بکرێتەوە بۆ هەرکەسێک کە پشتگیری رێگەپێدانیان پێدەدرێت بۆ بەرچاو رونی، چونکە دەرمان جۆری جیاوازی هەیە لە کۆمپانیاکان، کوالێتیەکانیان و نرخەکانیان ."

باسلەوەشدەکات سەرەتا کە لەنەخۆشخانەش وەک خۆبەخش کاریان کردوە هیچ خولێکیان بۆ نەکراوەتەوە بۆ زیادکردنی زانیاریەکانیان "ئێمە لە کەرتە حکومیەکانیش کە وەرگیریان هیچ خولێکمان بۆ نەکرایەوە."

لێپرسراوی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لە گەرمیان، عەدنان ئەحمەد، ئاماژە بە خراپی سیستەمی تەندروستی دەکات و دەڵێت: "جگە لەم سیستەمە کۆنەی عێراق هیچ سیستەمێکی نوێ نەهاتۆتە کوردستان، خراپی و کۆنی ئەم سیستەمەش ئەنجامەکەی ئەوەیە کە دەیبینن لە نەخۆشخانە حکومیەکان و کەرتە تایبەتەکانی تەندروستی."

لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق بۆ کارمەندانی تەندروستی ماوەی دوساڵ جارێک هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت بۆ زانینی ئاستی زانستی کارمەندانی تەندروستی و برەودان بە توانا زانستیەکانیان، بەڵام لێرە هیچ جۆرە هەڵسەنگاندنێک بۆ کارمەندی تەندروستی نەکراوە و تاوەکو ئێستا خولی زانستیشیان بۆ نەکراوەتەوە.

ئەرکان محەمەد، بەرپرسی بەشی کارگێڕی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، ئاماژە بە نەبوی خول بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی کارمەندان دەکات "ئاستی زانستی کارمەندانی دەرمانخانەکان باشە، بەڵام وەک هەڵسانگاندن هیچیان بۆ نەکراوە هیچ خولێکیشیان بۆ ناکرێتەوە کە زۆر گرنگە هەمو کارمەندێک خول ببینێت."

## ٤. ژمارەی دەرمانخانە وتۆرینگەکان لە سنوری ئیدارەی گەرمیان

کۆی گشتی مۆڵەتی دیواریی لەگەڵ دەفتەر (٦٦١) مۆڵەتە بۆ دەرمانخانەکان.

ئەوانەشی تەنها مۆڵەتی دەفتەریان هەیە واتە کارمەندن لە دەرمانخانەکان (٢٢٣) مۆڵەتە لە لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی.

لەو رێژەیە هەنها (٢) دو دەرمانخانەی سەرەکیمان هەیە کە بەناوی دکتۆری دەرمانسازەوە بێت لە گەرمیان.

ژمارەی تۆرینگەکانیش لە گەرمیان ٤٩٧ تۆرینگەن کە مۆڵەتی فەرمیان پێدراوە.

## ٥. سنوری کارەکانی دەرمانخانەکان بۆ پێدان و فرۆشتنی دەرمان چۆن دیاری کراوە؟

کارمەندانی دەرمانخانەکان دەتوانن دەرمان بفرۆشن بەو هاوڵاتییەی کە پسولەی پزیشکی پێیە بۆ وەرگرتنی دەرمان یاخود ئەو هاوڵاتیەی کە بە خواستی خۆی داوای دەرمانێکی دیاریکراو دەکات، بەدەر لەمانەش دەتوانن هەندێک دەرمانی دیاری کراو بدەن بە نەخۆش بە پێی زانیاری خۆیان و ئەو سنورەی کە بۆیان دیاریی کراوە.

شادییە حەمید، پزیشکی دەرمانساز لە قەزای کەلار، ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک نەخۆش پێویستی بە بینینی پزیشک نیە و راستەوخۆ بەپێی یاسا تەندروستیەکان دەتوانن دەرمانی وەک چارەسەر پێبدەن "بە پێیی یاسای تەندروستی هەندێک نەخۆشی دکتوری دەرمانساز لە دەنگ و روخسار و رەنگی کەسەکە تێدەگات کە ئەو نەخۆشە چیەتی و پێویستی بە شیکاری (فحص) نیە، لەم کاتەدا ئێمە دەسەڵاتمان هەیە راستەوخۆ دەرمانی پێبدەین."

ئاماژە بەوەشدەکات: "هەمو نەخۆشیەکانی دیکە بەدەر لەوەی ئاماژەم پێکرد دەبێت دکتۆری پسپۆر بیانبینێت، چونکە ئەوەی ئێمە چارەسەری دەکەین رەنگە ٣٠% نەخۆشیەکان بێت."

هەروەها بەرهەم عەلی، هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لە بەشی پەرستاری، کارمەندی دەرمانخانە لە قەزای کەلار، ئاماژە بەو دەرمانانە دەکات کە دەتوانن وەک کارمەندی دەرمانخانە بیدەن بە نەخۆش بە بێبونی پسوڵەی پزیشک ئەوانیش: "ئەنتیبایۆتیک (Antibiotic) ، کۆرتیزۆن (Cortison)ئازار شکێنەکان بە گشتی، دەرمانە سوکەکان بۆ نەخۆشیەکانی وەک ئەنفلەوەنزا یان کەسێک ئازارێکی کەمی چاوی هەیە ئەویش کەسی دەرمانساز خوێندویەتی کە ئەو جۆرە ئازارە بە چارەسەرێکی ئاسان چاک دەبنەوە بۆیە ئەم دەرمانانە رێگە پێدراون."

وتیشی: "پێدانی چارەسەری زەخت، شەکرە، یان نەخۆشی دەرونی، ئیشی ئێمە نیە."

هەندێکجار کارمەندی دەرمانخانەکان نەک چارەسەر نادەن بەو نەخۆشانەی کە لە دەسەڵاتی ئەمان نین، بەڵکو رێنمایشی دەکەن کە سەردانی پزیشک بکات بۆ نەخۆشیەکەی نەوەک بچێت بێ رێنمای پزیشک دەرمان بەکاربهێنێت.

سەلاحەدین سەعید، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە پەرستاری، کارمەندی دەرمانخانە لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئەو نەخۆشیانەی ئاسایین بۆ نمونە وەک ئەنفلەونزایەکی ئاسایی یان کۆکە لەم حاڵەتانەدا ئێمە  دەرمان وەک چارەسەر دەدەین بە هاوڵاتیەکە بێ پسوڵەی پزیشک، چونکە لە کاتی کرانەوەی دەرمانخانەکان، نۆرینگەکان نەکراونەتەوە، ئێمە وەک کارئاسانیەک بەو نەخۆشە سادانە چارەسەر دەدەین بە هاوڵاتیان، ئەگەر نەخۆشیەکە قورس بێت رێنمایی دەکەین کە سەردانی پزیشکی پسپۆر بکات."

## ٦. کاری نۆرینگەکان بۆ پێدان و فرۆشتنی دەرمان چۆن دیاری کراوە؟

کارمەندانی نۆرینگەکان بەهەمان شێوەی کارمەندانی دەرمانخانەکان  دەتوانن دەرمان بدەن بەو هاوڵاتییەی کە پسوڵەی پزیشکی پێیە بۆ وەرگرتنی دەرمان، یاخود ئەو هاوڵاتیەی کە بە خواستی خۆی داوای دەرمانێکی دیاریکراو دەکات، هەروەها بە بێبونی پسوڵەی پزیشک تەنها دەتوانن ١٨ گروپ دەرمان بدەن بەنەخۆش کە لە رێنمای رێکخراوی تەندروستی جیهانی "WHO" دیاریکراوە، جگە لە فرۆشتن و پێدانی ئەو دەرمانە دیاریکراوانە رێگەیان پێدراوە بە دانانی کانیۆلا لەگەڵ دەرزی لێدان.

ئەرکان محەمەد، بەرپرسی کارگێڕی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، بەم شێوەیە باس لە سنوری کاری نۆرینگەکان دەکات: "بە پێی ئەو رێنمایانەی کە هەیە نۆرینگەکان دەتوانن ئەو دەرمانانەی بۆی دیاری کراوە بیدەن بە نەخۆش بەبێ بونی پسوڵەی پزیشک کە لە رێنمای WHOدیاریکراوە، هەروەها دانانی کانیۆلا و دەرزی لێدانیش دەتوانن."

دەشڵێت: "کارمەندی نۆرینگەکان بەیانیان لە بنکە تەندروستیەکانن هەمان کار دەکەن کە پێدانی دەرمانە بەنەخۆش."

بەشێک لە کارمەندانی تەندروستیش دەڵێن ئەوە بڕاوەتەوە کە ئێمە دەسەڵاتی پێدانی دەرمانمان هەیە، تەنها هەندێک نەخۆشی نەبێت کە پێویستی بە پزیشکی پسپۆرهەیە.

جەبار رەحیم، یاریدەدەری تەندروستی (تقنی) کارمەندی نۆرینگە، لە قەزای کەلار، دەڵێت: "بەگشتی دەرمان دەکرێت بە دو بەشەوە، بەشێکی دەرمانی سەرەتاییە، ئەو دەرمانانەن کە لەزۆربەی بنکە تەندروستیەکان هەیە لە توانای کارمەندی تەندروستیە بیدات بە نەخۆش، لە سنوری گەرمیان زیاتر لە پەنجا بنکەی تەندروستی هەیە کە کارمەندی تەندروستی بەڕێوەی دەبات دەرمان دەدات بە نەخۆش، چۆن لەوێ حەقی ئەوەمان هەیە، بەهەمان شێوە لە شوێنی کارکردنیش حەقی ئەوەمان هەیە، ئەمە شتێکە بڕاوەتەوە."

وتیشی: "بەڵام هەندێک دەرمان هەیە لە دەسەڵاتی پزیشکیش نیە بەبێ پشکنین بیدات بە نەخۆش تابگات بە کارمەندی تەندروستی، لە هەندێک حاڵەتیش بە پێی وەسفی نەخۆشەکە بۆ نەخۆشیەکەی دەتوانین دەرمانی وەک چارەسەر پێبدەین."

هەندێک لە کارمەندانی نۆرینگەش باسلەوەدەکەن ئەوان تەنها دەرمانە سەرەتاییەکان دەدەن بەنەخۆش.

عیماد فوئاد، کارمەندی نۆرینگە لە قەزای کفری، دەڵێت: "ئێمە زیاتر ئەو دەرمانانە وەک چارەسەر دەدەین بە نەخۆش کە سەرەتایین، بۆ دەرمانەکانی دیکە دەبێت کەسەکە پسوڵەی پزیشکی پێبێت بۆ دەرمانەکان."

## ٧. سەرپێچییەکانی دەرمانخانە و نۆرینگەکان لە سنوری گەرمیان لە چ ئاستێکدایە و مەترسیەکانی بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان چیە؟

بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، لە بەشێکی زۆری دەرمانخانە و نۆرینگەکان سەرپێچیەکانیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە سنوری کارەکانیان تێپەڕیکردوە، لەگەڵ ئەمەشدا چاودێریەکی باش لە سەر کارەکانیان نیە.

یەکێک لە سەرپێچیە مەترسیدارەکان پێدانی دەرمانی قورسە بە نەخۆش، پێدانی دەرمانی قورس بە یەکێک لە مەترسیەکان لە سەر ژیانی نەخۆش دەژمێردرێت، هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە نەخۆشەکە بکەوێتە مەترسیەوە، چونکە دوای پێدانی ئەم جۆرە چارەسەرانە نەخۆش سود لە چارەسەرەکانی دیکە نابینێت لەگەڵ ئەم مەترسیانەش لە نۆرینگەکان ئەم جۆرە چارەسەرە دراوە بەنەخۆشەکان.

شادیە حەمید، پزیشکی دەرمانساز لە قەزای کەلار، باس لەو پێشێلکارییەی نۆرینگەکان دەکات بە پێدانی دەرمانی قورس بە هاوڵاتیان و مەترسیەکانی ڕوندەکاتەوە و بە هۆکارێکیشی دەزانێت بۆ خراپ بەکار هێنانی دەرمان "لەکاتی چارەسەرکردنی نەخۆش دو هەنگاو بەکاردێت، ڕێگای یەکەم ئەوەیە دەرمانی پێویست نیە، ڕێگای دوەم پێدانی چارەسەرە، بەڵام خەڵک ڕاهاتوە لەسەر دەرمان بەهۆی ئەم نۆرینگە لاکۆڵانەکانەوە دەبینین ڕاستەوخۆ دەرمانی قورس دەدەن بەنەخۆشەکان، کە ئەمە زەرەری زۆری داوە لە نەخۆش، لە کاتێکدا ڕەنگە نەخۆشەکە هەر پێویستی بە دەرمانیش نەکردبێت بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی."

ئاماژە بەوەشدەکات نەک نەخۆشەکە چاک نابێتەوە، بەڵکو هۆکارێکە کە دواتر بە چارەسەری دیکەش چارەسەری نەخۆشیەکەی قورس ببێتەوە "ئەو کەسانەی کە بۆ نەخۆشیەکی دیاریکراو دەچنە نۆرینگەکان بەهۆی پێدانی دەرمانی قورسەوە نەخۆش وایلێدێت کە دوایی سەردانی پزیشکیش دەکات، هیچ چارەسەرێکی دیاریکراوی نەخۆشیەکەش کاریگەری نابێت لەسەری، دەرمانی قورس دەرئەنجامی خراپتریشی دەبێت لەسەر جەستەی نەخۆشەکە."

کارمەندێکی دیکەی دەرمانخانەش ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە و هۆکارەکەشی دەخاتە ئەستۆی ئەو لایەنانەی کە بەرپرسن لە چاودێری دەرمانخانە و نۆرینگەکان.

بەرهەم عەلی، هەڵگری بڕوانامەی دیبلۆم لە پەرستاری، کارمەندی دەرمانخانە، دەڵێت: "هەندێک دەرمانخانە و نۆرینگەمان هەیە چارەسەری قورس دەدات بەنەخۆش، چونکە چاودێریەکی ورد نیە بەسەریەوە لەلایەن سەندیکاوە و قایمقامیەت و لایەنە بەرپرسەکانی دیکەوە."

دیاردەیەکی دیکە کە لە نۆرینگەکان دەبینرێت کردنی نەشتەرگەری بچوک و کاری دورربینەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک لە دەسەڵاتی کارەکانی کارمەندی نۆرینگە نیە.

سەڵاحەدین سەعید، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە پەرستاری، کارمەندی دەرمانخانە لە قەزای کەلار، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە نۆرینگەکان هەندێک چارەسەر و نەشتەرگەری بچوک دەکەن لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەوانە: "پێویستە لایەنی پەیوەندیدار چاودێریەکی باشی نۆرینگەکان بکات بۆ ئەوەی ئەوانیش لە سنوری کاری خۆیان زیاتر کارنەکەن، وەک دەبینین نەشتەرگەری بچوک و دورینەوە و هەندێک چارەسەردەدەن بەنەخۆش کە لە دەسەڵاتی ئەوان دا نیە."

دەشڵێت: " زەرەرمەندیش لەم کارە هاوڵاتی و نەخۆشە، بەڵام چونکە هۆشیاری تەندروستی کەمە، هاوڵاتی هەست بەو مەترسیانە ناکات."

هەندێک لە کارمەندانی نۆرینگەکان ئاماژە بەوەدەکەن سنوری کارەکانیان رێگەیان پێدەدات نەشتەرگەری بچوک بکەن.

عیماد فوئاد، هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی، کارمەندی نۆرینگە لە قەزای کفری، دەڵێت: "لە نۆرینگەکەم نەشتەرگەری بچوک دەکەم، سەندیکاش رێگەی پێداوین بۆ کردنی ئەم نەشتەرگەریانە."

ئاماژە بەو نەشتەرگەریانەش دەکات کە لە نۆرینگەکەی بۆ هاوڵاتیانی دەکات و دەڵێت: "ئەو نەشتەرگەریان دەیکەم وەک خودە شەحمی، بالۆکە، مێخەک، ئەمانە زۆر سەرەتاین هیچ کێشەیەک بۆ نەخۆش دروست ناکات."

مامۆستایەکی زانکۆش دیاردەیەکی ترسناکی دیکە دەخاتە رو کە مەترسیکی زۆر خراپی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان هەیە، ئەویش دانانی کەسانێکە لە دەرمانخانەو نۆرینگەکان بەبێ ئەوەی کە هیچ بڕوانامەیەکی تەندروستی یان پزیشکیان هەبێت دەرمان دەفرۆشێت و چارەسەردەدات بەنەخۆش.

کەریم مەدحەد، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە سایکۆلۆژی، مامۆستای زانکۆ، بەم شێوەیە باسلەو حاڵەتە دەکات: "لە گەرمیان دیاردەیەکی ناشاز دەبینین کە پڕ مەترسییە و کاریگەری زۆر خراپی هەیە، ئەویش دانانی هەندێک کەسە لە لایەن خاوەنی دەرمانخانەکانەوە کە هیچ بڕوانامەیەکی تەندروستی یان پزیشکیان نیە دەبینین دەرمان دەفرۆشێت و دەرمان وەک چارەسەر دەدات بە نەخۆش، لە کاتێکدا دەرمان مەترسیدارترین شتە کە بەنەزانی بدرێت بە نەخۆش."

دەشڵێت: "کۆمەڵێک لەو چارەسەرانەی ئەوان دەیدەن بە نەخۆش لە دەسەڵاتی پزیشکێکیش نیە کە شەشساڵ خوێندویەتی وچەند ساڵێش موقیم بوە لە ژێر دەستی پزیشکی پسپۆر، کەچی ئەمان لە خۆیان رادەبینن بە دو ساڵ خوێندنی پەیمانگای ئێرە کە هەمومان دەزانین خوێندنی پەیمانگا چۆنە کە نە علمی تێدایە نە مەعریفە، دەبینین دەرمانی مێشک و دەمار دەدەن بە نەخۆش لە کاتێکدا ئەمە تەنها لە سەڵاحیەتی هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردە، یان چارەسەریان داوە بە ئافرەتی دوگیان دوای منداڵەکەی کەمئەندام بوە یان دەرونیەن تەواو نەبوە، بەڵام نەیانزانیوە کە بە هۆیی ئەو دەرمانەوە بوە."

وتیشی: "لێرە بەس دەزانن دەرمان بە نەخۆش بدەن لە کاتێکدا پزیشک دەبێت هەمو هەوڵێک بدات بە بێچارەسەری دەرمانی نەخۆش چارەبکات لە حاڵەتی زەرور نەبێت نابێت دەرمان بدات بە نەخۆش."

کارمەندێکی نۆرینگەش حاڵەتێکی دیکەی سەرپێچی باسدەکات لە نۆرینگە و دەرمان خانەکان وە بەیاریکردن بە ژیان و جەستەی نەخۆش لە قەڵەمی دەدات.

جەبار رەحیم، یاریدەدەری تەندروستی (تقنی) کارمەندی نۆرینگە، لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئەو دەرمانخانە و نۆرینگانەی چارەسەر دەدەن بە هەندێک نەخۆش کە بە بێ پشکنین ناتوانرێت چارەسەریان پێبدرێت، وەک یاریکردنە بە ژیانی نەخۆش، چونکە وەک وایە خەتو شێر بکەیت بڵێیت یان ئەی گرێت یان نایگرێت ."

سەندیکای کارمەندانیش باسلەوەدەکات کە ئەوان ڕێنمای دەرمانخانە و نۆرینگەکانیان کردوە کە لە سنوری کاری خۆیان تێنەپەڕن، هۆکارەی ئەم جۆرە زیادە ڕۆیانەش دەخاتە سەر سەندیکاکانی دیکە کە هاوکاری ئەمانین بۆ چاودێری و لێپێچیەوەکان و سزادانی سەرپێچیکەران تاوەکو ئەم حاڵەتانە کەمبکرێتەوە بنبڕبکەن.

ئەرکان محەمەد، بەرپرسی کارگێڕی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، سەبارەت بە نەشتەرگەری بچوک، دورینەوە یان دەرمانی دیکە بەدەر لەوەی بۆیان دیاری کراوە دەیدەن بە نەخۆش دەڵێت: " ئێمە بە هەمو شێوەیەک ڕێنمایمان کردون کە نەشتەرگەری بچوک و دورینەوە نەکەن هەندێکیان لەبەر ئەوەی لە هۆڵی نەشتەرگەری دەوام ئەکەن ئەم کارە ئەکەن، بەڵام هەرچیبێت بەرپرسیاریەتی لەسەر خۆیانە."

وتیشی: "لەبەر ئەوەی نوێنەری سەندیکای دەرمانسازەکان هاوکارنین لەکاتێک کە پێیان دەڵێن وەرن بۆ لێپێچینەوە نایەن بەدەم کارەکەوە، بەڵام بڵێین دەرمان گرانبکرێت یان شتێکی لەو بابەتانە بێ هیچ دودڵیەک ئامادەن، چونکە ئەوان تەنها بۆ بەرژەوەندی شەخسی ئامادەن، دەبێت هەمو سەندیکایەک چۆن داوای ماف دەکات دەبێت ئەرکی خۆشی جێبەجێکات بۆ بنبڕکردنی ئەم مەترسیانەی کە هەیە لە دەرمانخانە و نۆرینگەکان."

## ٨. سزاکانی سەرپێچیکار چیە؟ تا ئێستا دەرمانخانەو نۆرینگەکان لەسەر سەرپێچیەکان سزا دراون؟

یەکێک لە گرفتەکانی پابەندنەبونی بەشێک لە دەرمانخانە و نۆرینگەکان چاودێری نەکردن و نەبونی لێپێچینەوەیە لە لایەن سەندیکا و لایەنە بەرپرسەکانی دیکەوە.

بەرپرسی کارگێڕی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، ئەرکان محەمەد، دەڵێت: "ئەگەر چاودێری باش بکرێت و لێکۆڵینەوە بکرێت کە هاوڵاتیەک سکاڵای کرد ئێمە لیژنەی لەسەر دەرئەکەین زیادەڕەوی کردبو لێپێچینەوەی یەکەم غەرامەکردنە، دوەم داخستنە بۆ سێ ڕۆژ سێیەم داخستنە بۆ چەند مانگێک، ئەگەریش زۆر حاڵەتەکەی قورس بو دادەخرێت بۆ هەمیشە و مۆڵەتەکەی لێوەردەگیرێتەوە."

دەربارەی ئەوەی تاوەکو ئێستا دەرمانخانە هەبوە سزا درابێت لە ئەنجامی سەرپێچیەکانی، بەرهەم عەلی، کارمەندی دەرمانخانە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە ئەوەی هەبوە تەنها چەند سەعاتێک داخراون: "ئەوەی تاوەکو ئێستا بینیبێتمان تەنها ئەوە بوە دەرمانخانە یان نۆرینگە بۆ چەند سەعاتێک داخراوە بە هەفتە و مانگ نەبوە دەرمانخانە داخرابێت ."

بەرپرسی کارگێری لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیش دەڵێت: "شوێن هەبوە کە پێویستی کردوە دابخرێت کە داواکاریەکە دراوە بە قایمقام هیچ لێپێچینەوەیەکیان نەکردوە، هۆکاری نەکردنەکەشی ڕەنگە خزمایەتی و ناسراوی بێت، کە ئەمە لە کارکردندا نابێت هەبێت، کەرتی تەندروستی دەبێت دەربهێنرێت لە مەسەلەی سیاسی و حزبایەتی، چونکە کەرتێکە هەمومان پێویستمان پێیەتی بۆ ئەوەی ئەم تێکچونە کە هەیە پێکەوە ڕێکی بکەینەوە بیخەینە سەر ڕێڕەوی ڕاستی خۆی."

## ٩. لایەنە بەرپرسەکانی چاودێری بەسەر کارەکانی دەرمانخانەو نۆرینگەکان کێن؟ تاچەن هەستاون بە کارەکانیان؟

لیژنەکانی سەرپەرشتی دەرمانخانە و نۆرینگەکان کە پێکهاتون لە: (قایمقامیەت، بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی گەرمیان و سەندیکای کارمەندانی تەندروستی)، بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە کە ئەم لیژنانە تاچەند هەستاون بە کارەکانی چاودێری دەرمانخانە و نۆرینگەکان و سزادانی سەرپێچیکاران؟

پزیشکی دەرمانساز و کارمەندی دەرمانخانە لە قەزای کەلار، شادییە حەمید، دەڵێت: "ئەو لیژنانەی کە هاتون ئەوەندەی من ئاگاداربم تەنها لیژنەی سەندیکا بوە لەگەڵ قایمقامیەت."

سەلاحەدین سەعید، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە پەرستاری، کارمەندی دەرمانخانە لە قەزای کەلار، ئاماژە بەوەدەکات تەنها سەندیکای کارمەندان سەردانی کردون "تەنها سەندیکا هاتوە بۆ دەرمانخانەکەمان رەنگە هۆکاری ئەوەش بێت ئەم دەرمانخانەی ئێمە تازەیە بەدەر لەوان هیچ لیژنەیەکی دیکە نەهاتوە."

جەبار رەحیم، یاریدەدەری تەندروستی (تقنی) کارمەندی نۆرینگە، لە قەزای کەلار، دەڵێت: "لیژنەکان ناوبەناو سەردان دەکەن ئەوانیش قایمقامیەت و ئاسایش و کارمەندی تەندروستین."

ئەرکان محەمەد، بەرپرسی کارگێڕی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، ئاماژە بەو لایەنانە دەکات کە دەبێت رۆڵیان هەبێت لە چاودێری بەسەر کارەکانی کەرتی تەندروستی تایبەتەوە "بۆ چاودێری کردنی کارەکانی کەرتی تایبەتی تەندروستی بۆ نمونە دەرمانخانە و نۆرینگەکانی کارمەندانی تەندروستی، چەندین لیژنەمان هەیە ( لیژنەی ئیدارەی گەرمیان، قایمقامیەت، بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان)، هەمو سەندیکاکان ئەندامیان هەیە لەو لیژنانە بەڵام کەسیان ئامادەی چاودێری نین ئەمە هۆکاری سەرەکی کێشەکانی کەرتی تایبەتی تەندروستین ."

باسلەوشدەکات کە بەهۆی نەبونی چاودێرییەوە کەرتی تەندروستی بوە بە کاری بازرگانی و تەنها لایەنە مادییەکەیان لە پێش چاوە "دەرمانخانە یان عیادەو تاقیگەکان و نەخۆشخانە ئەهیلەکان ئەمڕۆ بونەتە لایەنێکی بازرگانی مافیایی تەنها لایەنە مادیەکە پەیڕەو دەکرێت ئەمەش زۆر ترسناکە، چونکە ناکرێت لایەنە مرۆییەکە پشتگوێ بخرێت."

وتیشی: "هۆکاری ئەمانەش باش کارنەکردنی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی و لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیانە، چونکە لە روی یاساییەوە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان لەناو خۆیدا هۆبەیەکی فراوانی هەبێت ئیشی هۆشیاری رۆشنبیری تەندروستی بێت بۆ دکتۆر لەگەڵ کارمەندی تەندروستی ئەگەر ئەمە بکرێت رۆژ بە رۆژ ئاستی هۆشیاری تەندروستی گۆڕانکاری بەسەردا دێت."

لە قەزای کفریش بە پێی لێدوانی کارمەندانی لیژنەکانی سەندیکای کارمەندان و قایمقامیەت سەردانی دەرمانخانە و نۆرینگەکانی کارمەندانی تەندروستی دەکەن.

عیماد فوئاد، کارمەندی نۆرینگە لە قەزای کفری، دەڵێت: "ئەو لیژنانەی سەردانیان کردوین لیژنەی سەندیکای کارمەندان و لیژنەکانی قایمقامیەت لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان سەردانیان کردوین."

هۆکاری نەبونی لیژنەی چالاک و چاودێری باش و ورد لەسەر کارەکانی دەرمانخانە و نۆرینگەی کارمەندانی تەندروستی، سەندیکای کارمەندان دەیخاتە ئەستۆی سەندیکاکانی دیکە و ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەت.

ئەرکان محەمەد، بەرپرسی کارگێڕی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، دەڵێت: "لە لیژنەکانی چاودێری و لە رێکخراوە تەندروستیەکانیش بەس کارمەندانی تەندروستی رۆڵیان هەیە و کاردەکەن، بەداخەوە سەندیکای پزیشکان، دەرمانسازان، بایلۆجی، کیمیاوی، ددان لەگەڵ کۆمەڵێک سەندیکای دیکە ئەمانە تەنها لەکاتی دابەشکردنی مادی ئامادە دەبن، بەڵام هەر باسی لیژنەی لێپرسینەوە بکەی هەزار بیانو دەهێننەوە بۆ ئەوەی بەشداری نەکەن."

## ١٠. رای لایەنە چاودێرەکان بەسەر دەرمانخانە و نۆرینگەکانی کارمەندانی تەندروستی:

بۆ چاودێری کەرتی تایبەتی تەندروستی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەت دەسەڵاتی تەواوی هەیە بۆ سزادان و داخستنی دەرمانخانە و نۆرینگەکانی کارمەندانی تەندروستی لە کاتی بونی سەرپێچی و لادان لە یاسا و رێنماییەکان.

شەهاب ئەحمەد، قائیمقامی قەزای کەلار، سەبارەت بە شێوازی کارەکانیان لە چاودێری دەرمانخانە و نۆرینگەکان دەڵێت: "وەک قائیمقامیەت لیژنەی تایبەتمان هەیە لەگەڵ لقی سەندیکای کارمەندان بۆ چاودێری دەرمانخانە و نۆرینگەکان، ئەو دەرمانخانەو نۆرینگانەی کە مۆڵەتی فەرمیان نیە دادەخرێن و کۆگاکانی دەرمانیش بەهەمان شێوە مۆڵەتی فەرمیان نەبێت دادەخرێت."

هەروەها قایمقامی قەزای کەلار، ئاماژە بە رێنمایەکی نوێدەکات کە بۆ کردنەوەی دەرمانخانە و نۆرینگەیەکی کارمەندی تەندروستیە و دەڵێت: "ئێستا بۆ کردنەوەی دەرمانخانەو نۆرینگەی کارمەندی تەندروستی دەبێت سەرەتا لە قائیمقامیەت داواکاریەک بنوسن ئێمەش دەینێرین بۆ لیژنەی هاوبەش کە نوێنەری هەمو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تەندروستی تێدایە، دواتر دوای بەدواداچونی ئەم لیژنەیە کۆمەڵێک کاری هونەری دەمێنێت بۆ مۆڵەت پێدانەکەی."

دەربارەی ئەو نوسراوانەی کە بۆ قائیمقامیەت دەکرێت لە بەرامبەر داخستنی دەرمانخانە و نۆرینگەکانی کارمەندانی تەندروستی لەگەڵ کۆگا بێمۆڵەتەکان، شەهاب ئەحمەد، باس لە هۆکارەکەی دەکات کە بۆچی دانەخراون و دەڵێت: "ئەو کۆگایانەی کە نوسراومان بۆ کراوە کە دایبخەین، ئێمە بە دواداچونمان کردوە لقی سەندیکا دەڵێت مۆڵەتی ئێمەیان هەیە، بەڵام مۆڵەتی فەرمی وەزارەتیان نیە بۆیە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی نوسراوی بۆ ئێمە کردوە، ئێمەش وەک قائیمقامیەت ماوەیەکی دیاریکراومان بۆ ئەو کۆگایانە داناوە و لە گەڵیان کۆبوینەتەوە کە لەو ماوەیە مۆڵەتی فەرمی وەرنەگرن کۆگاکانیان بەشێوەی یاسایی دادەخەین."

دەربارەی دەرمانخانەکانیش وتی: "هەر دەرمانخانەیەک مۆڵەتی نەبێت راستەوخۆ لەگەڵ سزاکەی داخستنیشی بۆ دەکەین، پێشوتر بەشێک لە نۆرینگەکان بێمۆڵەت دەکرانەوە، بەڵام ئێمە بەهاوکاری لیژنەکان توانیومانە کۆنترۆڵی ئەو دیاردەیە بکەین."

لیژنەی هاوبەشی قائیمقامیەت پێکهاتوە لە حەوت کەس کە ئەم حەوت کەسە بە پێی پەیوەندی بەشەکانیان بە چاودێری دەرمانخانە و نۆرینگەکان دانراون.

قائیمقامی قەزایی کفری، جەلال شێخ نوری، وتی: "لیژنە هاوبەشەکانی قەزای کفری بۆ چاودێری دەرمانخانە و نۆرینگەکان پێکهاتون لە نوێنەری: قائیمقامیەت، سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، بەشی ئابوری ئاسایش، بەڕێوبەرایەتی خۆپارستن لەگەڵ سەندیکای پزیشکان."

قائیمقامی قەزایی کفری، ئاماژە بەوەشدەکات کە نوێنەری سەندیکای پزیشکان لەگەڵ دەرمانسازان  بە پێی پێویست هاوکارنین "هەمو نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پێی پێویست هاوکارن بۆ لیژنە هاوبەشەکان بەتەنها نوێنەری پزیشکان و دەرمانسازان نەبێت کە دەتوانین بڵێین سەندیکای کارمەندانی تەندروستی هەستاون بەکردنی کارەکانی ئەوانیش."

بەهامان شێوە قائیمقامیەتی قەزای کەلاریش باس لە بەشداری نەکردنی هەندێک لە نوێنەری لایەنەکان دەکات لە لیژنەهاوبەشەکان: "لەکاتی دەرچونی لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەت هەندێک لە لایەنەکان نوێنەرەکانیان نایەن بە بیانوی جۆراو جۆر وەک نوێنەری پزیشکان."

سەبارەت بەو سەرپێچیانەی کە لە نۆرینگەکانی کارمەندانی تەندروستی دەبینرێت بە پێدانی چارەسەری قورس بە نەخۆش، جەلال شیخ نوری، ئاماژە بەوەدەکات کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پێویستمان بە بڕیاری مەرکەزیە و دەڵیت: "پێدانی چارەسەری قورس و هەندێک کاری دیکەی کارمەندانی تەندروستی لە زۆر شوێنی کوردستان هەیە و زیانی بۆ ژیانی هاولاَتیان هەیە، بۆ چارەسەرکردنیشی پێویستی بە بڕیارێکی مەرکەزی هەیە."

ئیدارەی گەرمیان، مانگانە لە رێگەی راپۆرتەکانی قائیمقامیەت و بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان چاودێری دۆخی دەرمانخانە و نۆرینگەکانی ناوچەکە دەکات.

هەڤاڵ ئیبراهیم، بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئیدارەی گەرمیان دەڵێت: "بۆ پرسی دەمانخانە و نۆرینگەکانی کارمەندانی تەندروستی چەندینجار کۆبونەوەمان کردوە بەتایبەت لە سەر ئەو دەرمانخانە و نۆرینگانەی کە بێ مۆڵەتن، ئیدارەی گەرمیان مانگانە لە رێگەی راپۆرتەکانی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان و قائیمقامیەتەوە چاودێری ئەم کەرتە دەکەین، چونکە ئەوان راستەوخۆ بەرپرسن لەو کارانە."

رونیشیکردەوە کە لەسەر پرسی سەرپێچییە دیارەکانی دەرمانخانە و نۆرینگەکانی کارمەندانی تەندروستی ئەگەر بەڕێوبەرایەتی تەندروستی و قائیمقامیەت پێویستیان بە بڕیاری ئیدارەی گەرمیان بێت لەسەر پرسێک کە  بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت ئەوا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بڕیار دەردەکات "ئەگەر هەر کەموکورتیەک هەبیت پێویستبکات دەسەلاَتی ئیدارەی گەرمیان بەکاربێت ئەوکاتە بڕیاری تایبەت لە ئیدارەی گەرمیانەوە دەردەچێت، یان ئەگەر کارێک لە دەسەلاَتی قائیمقام و بەڕێوبەرایەتی تەندروستی نەبو پێویستبکات ئیدارەی گەرمیان کاری لەسەربکات ئەوکات سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بۆ بەرژەوەندی گشتی بڕیاری لەسەر دەردەکات، بەلاَم تا ئێستا شتێکی وا نەوتراوە کە ئێمە بڕیاری تایبەتی بۆ دەربکەین."

## ١١. بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لە بارەی کاری نۆرینگە و دەرمانخانەکانەوە  چی دەڵێت؟

هاوشێوەی هاولاَتیان بەرێوبەری تەندروستی گەرمیان گلەیی و رەخنەی لە کاری نۆرینگە و دەرمانخانەکان هەیە و دەڵێت "کارێکی نا یاساییە."

بەرێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، د. سیروان محەمەد، کاری مۆڵەتپێدان چاردێری کردنی نۆرینگەی کارمەندانی تەندروستی و دەرمانخانەکان بە پێی یاسا روندەکاتەوەو دەڵێت: "بە پێی یاسایی پەرلەمان و یاسای سەندیکاکان کە دەرچوە نۆرینگەی پزیشک و دەرمانخانەی پزیشکی دەرمانساز لەگەڵ نۆرینگەی کارمەندانی تەندروستی لەلایەن سەندیکاکانەوە مۆڵەتیان پێدەدرێت و دەبێت ئەوانیش چاودێری کارەکانیان بکەن."

ئاماژە بەوەشدەکات کە کارمەندی تەندروستی بە پێی یاسا تەندروستیەکانی عێراق بۆی نیە بە هیچ شێوەیەک دەرمان بفرۆشێت: "بە پێی یاسایی تەندروستی عێراقی هیچ کارمەندێکی تەندروستی بۆی نیە دەرمان بفرۆشێت و ناتوانێت دەرمانخانە و نۆرینگە بۆ فرۆشتنی دەرمان بکاتەوە."

دەشڵێت: "کاری ئەوان تەنها ئەوە (١٨) گروپی دەرمانەیە کە بۆیان دیاریکراوە بیدەن بەنەخۆش لەگەڵ دەرزیلێدان و برینپێچی."

بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری لە گەرمیان تەنها دو دەرمانخانە وەک پزیشکی دەرمانساز مۆڵەتیان لە سەندیکا وەرگرتوە، سەبارەت بەمەش بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سەرجەم دەرمانخانەکانی قەزای کەلار و ئیدارەی گەرمیان بەنایاسایی دەداتە قەڵەم و دەڵێت: "سەرجەم ئەو دەرمانخانانەی لە ناو شاری کەلار هەن ناڕەسمین و یاسایی نین."

وتیشی: "سەندیکا بەرپرسە لەوەی کە دەبێت رێگربێت و نەهێڵێت ئەمانە کاربکەن، تەنها پزیشکی دەرمانساز بۆی هەیە دەرمان بفرۆشێت، ئیتر بەدەر لەمە نایاساییە و دەبێت دابخرێت."

کارمەندانی تەندروستی هۆکاری ئەوەی کە دەتوانن دەرمان وەک چارەسەر بدەن بەنەخۆش و دەرمانیش بفرۆش دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان بەیانیان لە بنکەی تەندروستی نەخۆشخانەکان هەمان کاردەکەن.

لەم بارەیەوە د. سیروان محەمەد، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، رەتی دەکاتەوە و دەڵێت: "دەربارەی ئەوەی کارمەند هەمان کاری بنکەی تەندروستی دەکات نەخێر، ئەمان هەمانکاری بنکە ناکەن، لەبەر ئەوەی بنکەی تەندروستی دەرمانێکی کەمی تێدایە تەنها ١٨ گروپی دیاری کراوی دەرمانی تێدایە، نەک دەرزی فشاری خوێن و چارەسەری دڵ و کۆمەڵێک شتی دیکە کە لە نۆرینگەکان هەیە، لە نەخۆشخانەکانیش لەژێر سەرپەرشتی پزیشکدا دەرمان دەدرێت بە نەخۆش، ئەمان کاری خۆیان دەکەن کە چەند کارێکی دیاری کراوە، بەڵام لە نۆرینگە و دەرمانخانەکان تەواوی کارەکانیان نازانستی و ناڕەسمین."

باسلەوەشدەکات سەرپێچیەکان تەنها لە فرۆشتنی دەرمان نیە، بەڵکو کار گەشتۆتە ئەوەی وەک پزیشک چارەسەر دەدەن بە نەخۆش "ئەمانە وەک پزیشک چارەسەر دەدەن بە خەڵک، نەشتەرگەری بچوک دەکەن وەک ئەوەی هاوڵاتیان باسیدەکەن، بەڵام کەسیان ئامادە نین سکاڵا بنوسن."

دەشڵێت: "نە بروانامەکانیان رێگەی ئەم کارەیان پێدەدات نە یاساش، بۆ ئەوەشی گەرمیان لە روی تەندروستیەوە ئاستی بەرزبێتەوە دەبێت ئەم دیاردە ناشرینەی تێدا بنبڕبکرێت، دەبێت ئەو سیما ناشرینە نەهێڵدرێت کارمەندی تەندروستی دەرمان بفرۆشێت و دەرمان بدات بە خەڵک و چارەسەری نەخۆشبکات، چونکە نە بروانامەکەی و نە یاساش رێگە بەوە نادات."

هۆکاری دروست بونی ئەم جۆرە کارەش لە گەرمیان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە پێشوتر بارودۆخێکی جیاوازی دروستی کردوە "ئەم جۆرە دەرمانخانەو نۆرینگانە بارودۆخێکی جیاواز دروستی کردون لە گەرمیان، لەبەر ئەوەی دوای راپەڕین پزیشکی لێنەبوە، ئەمانە دەستیان کردوە بەمە کە دەرمانخانەی تایبەت بە خۆیان بکەنەوە."

بۆ ئەوەشی کە دەڵێن سەندیکا پشتگیرمانە، د. سیروان محەمەد، دەڵێت: "سەندیکای کارمەندان پشگیریانە بۆ تەنها ١٨ گروپی دەرمان کە بۆیان دیاریکراوە."

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە کە ژیان و تەندروستی هاوڵاتیانی ناوچەکەی پێوە بەندە بەمشێوەیە دەخاتە رو: "پێویستە بەڕێوبەرایەتی گشتی و سەندیکای کارمەندان و سەندیکاکانی دیکەش لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەکانی دیکەی ناوچەکە دابنیشین پێکەوە کە هەوڵبدەین ئەم دیاردەیە نەمێنێت، کە کارمەندی تەندروستی دەرمان بفرۆشێت و دەرمان وەک چارەسەر بدات بە خەڵک."

وتیشی : "ئەگەر ئیدارەی گەرمیان و سەندیکاکان بەجدی بێنە سەرخەت لەسەر ئەم بابەتە ئەوە دەتوانرێت ئەم کێشەیە پێکەوە چارەسەر بکەین، بەڵام بەتەنها بە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان چارەسەر ناکرێت."

لەسەر ڕێگاکانی هێنانی دەرمان بۆ کۆگاکان و داباشکردنیان، د.سیروان محەمەد، دەڵێت: "کاتێک دەرمان داخلی قەزای کەلار دەبێت دو کۆگای فەرمیمان هەیە کە دەبێت تەسلیمی ئەم کۆگایانە بکرێت، ئەم کۆگایانەش دەیدەن بەدەرمانخانەکان و نەخۆشخانەکان بە پێی ئەو یاسایانەی کە هەیە، ئەم دەرمانانە لە بازگەکان کە داخل دەبن لەوێ لە ژێر چاودێریدان و دەبێت ڕێگە پێدانیان هەبێت، ڕێگە پێدانی وەزارەتی تەندروستیش لە ڕێگایی دەزگایەکەوەیە کە پێی دەڵێن (KMC) و عێراقیش دەزگایەکی دیکەیە بۆیە دەبێت ئەم دو ڕێگە پێدانەیان هەبێت."

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی ئاماژە بۆ هەندێک شوێنی نا فەرمی دەکات کە وەک کۆگا کراونەتەوە و قایمقامیەتیشیان ئاگادار کردوەتوە بۆ ئەو مەبەستە: "هەندێک شوێنی دیکە دەرمان دەهێنن دەیدەن بە هەندێک شوێنی دیکە، ئێمە نوسراومان کردوە بۆ قایمقامیەتی کەلار کە چەند شوێنێکن دەبێت دابخرێن، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی داخستن لە دەسەڵاتی ئەواندایە."

بۆ داخستنیشیان لەلایەن قایمقامیەتەوە وتی: "ئەوەندەی زانیاریمان هەبێت تاوەکو ئێستا دانەخراون."

## بەشی سێیەم: راسپاردە

١. کەرتی تایبەتی تەندروستی گەرمیان پێویستی بە رێکخستنەوەیەکی تەواو هەیە، ئەوەش بە هەوڵی سەرجەم لایەنە ئیداریەکانی ناوچەکە لەسەر ئەم پرسە دەتوانرێت رێکخستنەوەیەکی گشتی بکرێت.

٢. شێوازی پێدانی مۆڵەت بە دەرمانخانەکان گۆڕانکاری تێدابکرێت، بە شێوەیەک کە وەک لە یاسا و عورفە تەندروستیە جیهانیەکاندا هەیە، تەنها کەسانی پسپۆری دەرمانساز بتوانن لە دەرمانخانەکان دەرمان بفرۆشن.

٣. پێدانی دەرمان لە لایەن کەسانی نەشارەزاوە مەترسیەکی زۆر لەسەر تەندروستی هاولاتیان دروست دەکات و هۆکارێکە بۆ بلاوی نەخۆشیە قورسەکان، پێویستە ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێت و هاولاتیانی لێئاگادار بکرێتەوە.

٤. نۆرینگەی کارمەندانی تەندروستی تەنها بۆ پێدانی (١٨) گروپی دەرمانە بە نەخۆش لەگەڵ برینپێچی و دەرزی لێدان، بەدەر لەمانە لادانە لە بنەما تەندروستیەکان، بەڵام سەرپێچیەکی روندەکرێت لەم کەرتەی تەندروستی بە فرۆشتنی دەرمان و چارەسەرکردنی نەخۆش.

٥. نەبونی چاودێریەکی ورد لە لایەن سەندیکاکان و قایمقامیەتەوە بۆ بنبرکرنی ئەو سەرپێچیانەی کە کردنی ئاسایی بۆتەوە لە دەرمانخانە و نۆرینگەکان.

٦. کردنی نەشتەرگەری بچوک و پێدانی دەرمانی قورس لە نۆرینگەی کارمەندانی تەندروستی کە نەشوێنی شیاویان هەیەو نە ئامێر و کەرەستەی پاکژ و (معقم)، بە تەواوی نازانستی و نایاساییە، بۆ کردنی ئەم کارەش نا هۆشیاری هاولاتیان بە هەل زانراوە، پێویستە لایەنە بەرپرسەکان لە سەر ئەم کارە بەدەنگ بێن بۆ ئەوەی ئاستی هۆشیاری هاولاتیان بەرزبکرێتەوە و چیدیکە هاولاتی نەبێتە قوربانی.

٧. پێدانی دەرمان وەکو چارەسەر کارێکی زۆر ئاسانە کە لەدەرمانخانەو نۆرینگەکان دەکرێت، لەکاتێکدا دەرمان بەپێی بنەما پزیشکیەکان بەو ئاسانییە نابێت بدرێت بە نەخۆش، بۆ رێگرتن لەمەش دەبێت ژمارەی دەرمانخانەو نۆرینگەکان سنوردار و دیارییکراو بکرێن کە ناچار بکرێن بە پابەند بون بەو بنەما پزیشکییانە.

٨. دوفاقیەک لە پێدانی دەرماندا هەیە، لەکاتێکدا بنکە تەندروسیتە حکومیەکان لەلایەن کارمەندانی تەندروستی بەڕێوەدەبرێن، هەرخۆیان سەربەست کراون لەوەی دەرمان بدەن بە هاولاتیان لەو بنکانە، کەچی کە دێنە کەرتی تایبەت، لۆمەو رەخنە دەکرێن کە دەرمان وەکو چارەسەر دەدەن بە نەخۆش. بۆیە پێویستە ئەم دوفاقییە نەهێڵرێت.

٩. لیژنەکانی چاودێریی، نوێنەرانی هەمو سەندیکا پەیوەندیدارەکان تیایاندا کارا نین، بەتایبەت پزیشکان و دەرمانسازان، لەکاتێکدا بونی ئەوان گرنگ و پێویستە.

١٠. جۆرێک لە شپرزەیی یان ناحاڵی بون لە پێدان و وەرگرتنەوەی مۆڵەت هەیە، بەوەی زۆرجار شوێنێک بەوهۆیەی مۆڵەتی نیە بڕیاری داخستنی دەدرێت لەلایەن لیژنەی سەندیکاوە، بەڵام قایمقامیەت دایناخات، یان بەپێچەوانەوە.

١١. بۆ رێگریکردن لەو "فەوزایەی" کە هەیە، جگە لەو ١٨ جۆر دەرمانەی کە رێگە دراوە بە رەچەتەی پزیشک لە دەرمانخانەکان بدرێن بە هاوڵاتیان، جۆرەکانی تری دەرمان، بەتایبەت ئەوانەی قورسن یان دەکرێت بۆ مەبەستی تر بەکاربهێنرێن، دەتوانرێت فرۆشتنیان قەدەغە بکرێت جگە لەو

دەرمانخانانەی کە پزیشکی دەرمانساز بەسەریەوەیەتی و سەرپەرشتی دەکات و رۆژانە دەوامی تێدا دەکات، ئەمەش تا ئاستێکی باش رێگری دەکات لە کەمکردنەوەی "فەوزاکە".

١٢. تائێستا لەسەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان، هیچ رێنماییەکی هاوبەش بونی نییە کە هەمو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەریانکردبێت و پێکەوە کاری لەسەر بکەن، بەڵکو بە گوێرەی قەزا و شوێنەکان جێبەجێکردنی رێنمایەکان جیاوازن. ئەم رێنماییانە پێویستە ساڵانە نوێبکرێنەوەو بریاری نوێیان بۆ دەربکرێت و هەنگاوی نوێیان بۆ دیاریی بکرێت.

١٣. تەندروستی گەرمیان لە چاودێرییکردنی کەرتی تایبەتی تەندروستی دا کراوەتە دەرەوە، ئەمەش کەموکورتیەکی زۆر زەقە، چونکە هەمو بابەتێکی پەیوەندیدار بە تەندروستییەوە، پەیوەندی بە دەزگای تەندروستییەوە هەیە، بۆیە ناکرێت سەندیکا و شوێنە ناحکومییەکان، جێگەی وەزارەتی تەندروستی و حکومەت بگرنەوە.

١٤. زۆرجار کارمەندانی تەندروستی لە دەرمانخانەو نۆرینگەکاندا کاردەکەن و مامەڵە لەگەڵ دەرمان دەکەن کە پسپۆرییان نییە، بۆئەمەش دەتوانرێت بکرێتە مەرج کە هەمو کارمەندێک پێش کارکردن لەو بوارە، خولی تایبەتمەند ببینێت، ئەم خولەش سەندیکاو تەندروستی گەرمیان دەتوانن بەشێوەی وەرزی یان مانگانە بیکەنەوەو تێچوەکەشی لە دەرمانخانەو بەشداران وەربگیرێت، هەر کارمەندێک ئەو خولەی بینی، مۆڵەتێکی پێبدرێت، بەپێچەوانەوە ئەوەی ئەو مۆڵەتەی نەبێت، نەتوانێت لەکەرتی تایبەت دا کار بکات.

١٥. بەهەمانشێوە، پێویستە خولی راهێنان و هۆشیاری بۆ کارمەندانی کەرتی تایبەت بکرێتەوە بەشێوەیەکی بەردەوام و ناچار بکرێن هەمو ساڵێک بەشداریی لە خولێک یان زیاتر بکەن، خولەکانیش جەختکردنەوە بێت لە پرنسیپە ئەخلاقیی و پیشەییەکانی دەرمانفرۆشتن و چارەسەری پزیشکی، ئەم کارەش وەک لەخاڵی پێشودا ئاماژەمان بۆکرد، دەتوانرێت تێچوەکەی لە دەرمانخانەو نۆرینگەو خودی بەشداران وەربگیرێت، بەشداریکردن لەم خولانەش، بکرێتە یەکێک لە مەرجەکانی پێدان یان نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانە.


- ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

**ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە.**

**زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە.**

**رێناس ساڵح، دۆسیەی تەندروستی.**

**بۆپەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦— ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org